# ئەدیب و حزب
# درامای دەمامکەکان



باران



باری رەخنەی ئەدەبی ئێمە ئەوەندە دەستکورتە، لە کۆمەڵێک کەرەستەی سواو بترازێت، ئەگەرنا کۆمەڵێک هێڵی سوری بۆ خۆی کێشاوە و لەوێ هەڵوەستە دەکات و نایەوێت بۆ ئەودیو بپەڕێتەوە، ئەگەرنا کوا ئەو بابەتگەلانەی لە پەیوەندی ئەدیب و ئۆرگانی حزب دەوێن! ئەرێ حزب لەمپەرە لەبەردەم داهێنان، یاخود دەکرێت حزبیش وەک هەر کائینێکی ئەم کۆمەڵگایە لە ماکینە بدرێت! ئەرێ رەخنەگری کورد، تا چەند کەسێتی ئەدیب و پەیوەندی حزبایەتی کردۆتە ئیندێکسی بابەتەکانی؟ ئەرێ دەق و کەسێتی داهێنەر بە تایبەتیش بیوگرافیای تاک کاری لەسەرکراوە.

شێرکۆ بێکەس لەزۆربەی هەرە زۆری ئەدیبانی کورد ئازاتر بووە و لە پەیوەندی کەسێتی داهێنەر و دەق نەسڵەمیتەوە، بە ئاشکرا بەیانی رۆحی خۆی کردووە، لە دووتوێیی سەدان دەق و نامە و نوسیندا بانگی خۆی داوە. ئەم کورتە نوسینە تیرۆژێکە لە وشە و رستەکانی شێرکۆ بە زمانێکی سادەی شاعیرانە دەیەوێت دەمامکەکان هەڵماڵێت و چی تر گفتار و کردەوە لەیەکتر هاوێر نەکرێن.

ئەم نوسینە ١٧ ساڵە هاوڕێ سەفەرمە لەنێوان سلێمانی- سوید- هەولێر، زۆرجار رێی کەوتە وڵاتانی تریش، نازانم بۆچی نەمویستووە بڵاویبکەمەوە! ئەمڕۆش نازانم بۆچی ئەو بڕیارەمدا کە زیاتر دوای نەخەم! هیوادارم هەمووومان، هەر کەسەو لەلای خۆیەوە هەوڵبدات چی لەتەکاغەز و نامە و کورتە سەرنجی ئەو شاعیرەی لە لایە بڵاوی بکاتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی شیاون بۆ بڵاوکردنەوە.

« دەرفەتێک و قسەیەک» کورتە وەڵامی شێرکۆیە بۆ نوسەرێکی پەرت و نمایشکارێکی کورد، ئەوەندە سەرشێتانە لە پەیوەندی ئەدیب و حزب دەدوا وەک ئەستێرەیەک بێت لە ئەستێرەکانی دنیا و هەموومانیشی بە خوێنەرێکی تەمەڵی زاکیرە بەتاڵ وێنادەکرد، ئەو ئازاری زۆر کەسی داوە! ساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩ لە دوو چاوپێکەوتندا لە دوو گۆڤاری جیاوازدا ئەوەندە بەتاڵە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا، وا دەزانێت مێژووی ئەدەبی کوردی بەبێ ئەو شارێی داهێنانی ونکردووە، ئەگەر ئەو نەبووایە ئەو مێژووە لە واتایەکی بەتاڵ بترازێت، هەڵگری هیچ پێناسەیەک نەدەبوو. گوایە «ئەو» بەرزەفڕەو بەدەرە لە پەیوەندی حزب و ژیانی حزبایەتی! بەڵام لە کرداردا رێک پێچەوانەیە. کە ئەو دوو چاوپێکەوتنەی بڵاوبووەوە، لە وتارێکی پشکۆئامێزدا رستە و پەرەگرافەکانیم بەتاڵکردەوە، شێرکۆ بێکەس زانی بووی دەستم بە وەڵامدانەوەی ئەو نوسەرە کردووە، ئەم کورتە وتارە و چەندان وردە سەرنجی بۆ ناردم بە تایبەتیش لەو شوێنانەی کە غەدری لێکراوە، بەڵام تا نامەکەی شێرکۆ گەیشت من وەڵامەکەم تەواو ببوو، گۆڤارەکە دیزاینی دەکرد

نە دەمەوێت بەیانی ناوی نوسەرەکە بکەم، نە بە پێویستیشی دەزانم ناونیشانی وتارەکەم بنووسم و کەی و لە کام گۆڤار بڵاوبۆتەوە. تەنیا ئەوەندە دەڵێم، ئەم کورتە وتارەی شێرکۆ بێکەس هیچی کەمتر نیە لەو کورتە نوسینەی کە کاتی خۆی گۆران-ی شاعیر سەبارەت بە کۆن و تازەی شیعر نووسیویەتی، ئەگەرچی دوو بابەتی جیاوازن، بەڵام وەک چۆن وتارەکەی گۆران بوو بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ رەخنەی ئەدەبی، دەکرێت ئەم وتارەی شێرکۆش ببێت بە سەرچاوەیەکی ورد بۆ پەیوەندی ئەدیب و حزب، یاخود کەسێتی نوسەر و کاری داهێنان، یان بە دیوێکی تر بیوگرافیای ئەدیب و دەق.

ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

## دەرفەتێک و قسەیەک .. شێرکۆ بێکەس

ئەوەندەی سەرنج دابێ و لە هەندێ نوسین و پەیڤی نێو دیدار و چاوپێکەوتنی ئەدەبی وردبووبمەوە، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، هەندێ نوسەر و بەهرەی تازە پێگەیشتوومان، بە لە خۆبایی بوونێکی تاوس ئاساوە ئەڕوانە کولتووری رابووردوومان و بەلچ هەڵقرتانێکەوە تەماشای ئەزموونە ئەدەبیەکانی پێش خۆیان ئەکەن. ئەمە جگە لەوەی تازەگەریش تەنها بە ساتەوەختی ئێستای خۆیانەوە ئەبەستنەوە و ئەفراندنیش بە تەنها هەر لەسەر یەک جۆر روانین و شێواز و فانتازیا تاپۆ ئەکەن، بەم پێ یەش، جاڕ بۆ « تەقدیس» کردنێ ئەدەن کە لە بنەڕەتدا گیانی نوێخوازی خۆی بە توندی رەتیئەکاتەوە. نوێخوازی ژیانە و یەک چوارچێوە و یەک لێکدانەوە قبووڵ ناکات، ئەمەیش بەو مانایەی نە یەک « راستی » موتڵەق لای هیچ رێباز و فۆرمێکە و نە هیچ جوانیەکەیش ئەبێتە تاقانەی تاسەر و هەتاهەتایی. تازەگەری چەندین سەرچاوە و چەندین پەنجەرەی هەیە. رووبارە و لە چەند لاوە چەندین جۆگەی تری تێ ئەرژێ. ئاوازێک نییە و هەموو ئاوازەکانە. چێژێک نییە و هەموو چێژەکانە. بە واتایەکی دی، « داهێنان و خولقاندن» هەر یەک ماڵی نییە و یەک گەرووی نی یە، لە لایەکی تریشەوە، هەندێ لەو نوسەرانە، ئەدەب تەنها بە گەمەیەکی ........1و فانتازیایەکی رووتی زمان ئەزانن و بەها جوانەکانی « مانا و هەڵوێستی» مرۆڤی لێ دائەبڕن و ئەیانەوێ بە سەرەقەڵەمی قسەیەک « سیاسەت» لە مەسەلەی روناکبیری و ئەدەبیی بکەنەوە و فڕێیبدەنە ئەودیوی مێژووەوە، لە کاتێکدا شتێک نییە، بکەوێتە دەرەوەی مێژوو، سیاسەتیش بە مانا فراوانەکەی، بە مانا ژیانگیریەکەی، تەوەری بزووتنەوەکانی ژیان خۆیەتی. نە ئەدەب ئەڵتەرناتیفە بۆ سیاسەت و نە سیاسەتیش بۆ ئەدەب. نە لەیەکتر جوێ



نەوزاد عەلی شێرکۆ بێکەس

ئەبنەوە و نە لەیەکتریشدا ئەتوێنەوە. ئەدەب سەربەخۆیی خۆی هەیە، لە هەمانکاتیشدا جەمسەری پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ واقیعدا نەپچڕاندووە. پێناسەی ئەدەب و داهێنانی ئەدەبی، وەک ململانێی مەسەلە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکان و ئاڵ و گۆڕە ئابوریەکان ناچنە ژێر رکێفی تەواوی « ئامێرە ئابووری و سیاسیەکانەوە» ئەو گەردوونە موتڵەقەی بۆ نموونە شیعر رووی تێ ئەکات، ئەو زمان و روانین و خەیاڵ و خولیایانەی لەو جیهانەدا هەن لە دنیای سیاسەتدا بە شێوەیەکی تر ئەدوێن و رێ ئەکەن و دەرئەنجامی جیاوازتر دروستئەکەن.

هەر لەهەمان تێڕوانینی ئەو کەسانەو، وەک چۆن بە درشتی « سیاسەت» و لە لایەکی ترەوە « حزبایەتی» تێکەڵی یەکتر ئەکەن بە هەمان شێوەیش « مەسەلەیەکی ئینسانی و نەتەوەیی» لەگەڵ مەسەلەیەکی « حزبی و ئایدۆلۆژیدا» لە یەکتر جووێ ناکەنەوە کە دیارە ئەویان لە ئاسمانێکی گەورەو ئەمیتریان لەژێر بنمیچی تاقەماڵێک ئەچێت!. ئەوەی من « لەسەری» ئەنووسم پێویستە وەک ئاکام « ئەدەب» بێت، بەلای منەوە ئەمە بە پلەی یەکەم دێت، چونکە هەر ئەم پێوانەیە ئەبێتە دوا پێوانەی نێوان کارێکی ئەدەبیی و نا ئەدەبیی، ئێمە لە جەوهەردا گوتاری ئیبداعیمان مەبەستە جا ئیتر هەر ژانر و بابەتێکیان کردبێ بە فەزای خۆیان و هەر شێوازێکیان بۆ دەربڕین دۆزیبێتەوە. هەر ئەو کەسانە بە جۆرێک تووشی نەخۆشی « حەساسیەتی سیاسی» بوون کە بەردەوام هەندێ ناونیشان و وشەگەل ئەیانسڵەمێنیتەوە وەک ئەوەی دەست بۆ پشکۆ، یان دوپشک بەرن. تەنانەت ئەگەر ئەو بابەت و وشەگەلەیش داهێنان و فانتازیاشیان لێ بچۆڕێتەوە، بەڵام ئەو نواندنە دراماتیکی یەی ئەو کەسانە لەوەدایە کە لەنێوان گفتار و کرداریاندا و لە ژیانی رۆژانەدا هەر تەواو ناکۆک و دژ بە یەک و پێچەوانەی یەکترن، ئەمە لەکاتێکدا، بەلای منەوە هەڵوێستی ئەدیب و کاری ئیبداعی دووانەی ژیانی هەموو ئەدیبێکن ،جوانیی داهێنان و جوانیی کەسێتی ئەدیب ئەگەر پێکەوە بکەونە رێ ژیانیش جوانتر ئەکەن، ئەوەندەی تێبینیمکردبێ، هەندێ لەو کەسانە لە ئاخاوتندا « سیاسەت و حزبایەتی» دائەگرنەوە، هەڵبەت ئەمە هەقێکی ئاسایی هەر کەسێکە چۆنی بوێت بەو جۆرە بیربکاتەوە، گرفتەکە لێرەدا نییە، ئەگەر ئەو کەسانە بەهەمان شێوەیش لە ژیانی رۆژانەی خۆیاندا رەفتاربکەن. گرفتەکە لەوەدایە: ئەو دیاردەیەی من رەتی ئەکەمەوە، واتە بە دەم، لە لایەکی ترە پێشوازیی لێ نەکەم و باوەشی پێدا نەکەم و لەبەردەمیدا نەبم بە بتێکی بێ ئیرادە. گرفتەکە لەوەدایە. بە رواڵەت بە نوسین، بە سەرزارەکی، ئەو ئەدیبەم هەموو مەسەلە ئایدۆلۆژی و حزبیەکان بخەمە تەنەکەی خۆڵەوە و کەچی بەکردەوە لە حزبایەتی بخۆم و لە چەند لاوە هەڵپەی پارەوپولی ناو ئۆرگانەکانی ئەوان بم و خاوەنی کەسێتی خۆم نەبم.

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا نەک هەر نوسین « کردەوەکانیش» تۆمار ئەکرێن. ئەمە سەردەمێکە ئەودیوی دەمامکەکان ئەخاتەڕوو، لەیەککاتدا ئیبداعی ئەدەبی و هەڵوێستی ئەدیب پەردەپۆش ناکرێ و جیا بە جیا تووشی چەواشەکردن و گومڕاییمان ناکەن و تەم و مژی قسە کردەوەکانمان ناشارێتەوە!

مایسی ١٩٩٩

1- وشەیەک لە شوێنی ئەم خاڵانە لە نامەکەدا هەیە بۆم نەخوێندرایەوە